چیرۆک




١

چاوی ئەومان گۆڕییەوە لەگەڵ خۆر. خۆر کە هاتە نێو جەستەکەی، بوو بە خەڵوز و توایەوە، چاوی ئەویش لە ئاسۆوە وەک رۆژێکی نوێ هەڵات.

٢

کە لە جەستەی مردووە روح زیندووەکان دەگەڕاین، بە هێواشی ئێسک و پرووسکەکانمان لە گڵی رەش جیا دەکردەوە، من تەنیا بە دوای سۆراغی چاوەوە بووم، کە کەللە سەرێکم هەڵکۆڵی، چاوێک کەوتە خوارەوە، دیوی دەرەوەی دوایین وێنەی سەر رەشێنەی تێدا هەڵگیرابوو کە وێنەی مرۆڤێکی دڕندە بوو بە تەقاندنی رێژنەی گوللەوە بەرەو پێشەوە دەهات، دیوەکەی تر، هەزاران چاو رووبارێک خوێنیان لێ دەڕژایە دەریایەکی سوور.

٣

بە بیرم نایەت مردووی چاو کراوەم دیبێ لە ژیانمدا، ئەوەندە لێی نزیک بوومەوە فرمێسکەکانم دەڕژانە سەر سینگی ئەو.. ماوەیەک بێدەنگ مام، گیانم سڕبوو، راپەڕیم، چاوەکانی ئەبلەق، لە چاوی هەموو کەسێکەوە کە سەیرم کردووە خۆم دیتوە، لە چاوی کراوەی

بابمدا هەموو دنیا.

٤

هەمیشە پڕوپڕێسکەم کۆ کردووتەوە، دەمەوێ لە ترسی چاو رابکەم، لە هەموو چاوێک دەترسم، چاوی مامۆستا، چاوی مار، چاوی دیوار،... چاوی.... ئێوارەی دوێنێ چاوی دایکم هات و تەواوی چاوەکانی تری بەزاند.

٥

لەسەر دار و قیسپی هەموو پەرژینەکانی دنیا بۆ بەرگرتن لە هێرشی چاوەکان، ناڵ و سەری کلۆڵی مالات هەڵواسراوە، لە نێو بازگەی هەموو چاوەکاندا چاوە پاک و سەر راستەکان، تیژ تیژ و بێ پرس بە ناو قەدی پەرژینەکان تێ دەپەڕن.

٦

لەسەر تیڤییە شڕوهوڕەکە وەک لێکۆڵەرێکی سیاسی دەدوا:

چاوی هەموو کەسێک نەمامێکی ناپاکی بۆ نیشتمان تێدایە، پێویستە هەرچی زووە بە بای نەتەوایەتی ئەو نەمامە لە رەگەوە دەربکێشرێ. بە چاوی دڵ و عەقڵ و دیدەوە سەیرمان دەکرد، هەموو نەمامەکانی چاوی ئەو پەلکێکی پاکیزەییان پێوە نەمابوو.

٧

رێک لە بەرامبەر ئەو وەستابووم، کە ئاوڕم لێ دایەوە سەیری منی دەکرد، چاوەکانی هێندە جوان بە ناخی مندا شۆڕبووبوونەوە، دەتگوت چەشنی ئەستێرەیەکن لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا بەرەو رووم ئاشنا دەبێ. یەک دوو جار خۆم دەخستە پەراوێز و وام دادەنا کە بێ ئاگام، کە بە تیلەی چاوەکانم لێم دەڕوانی تین و تروسکاییی چاوە گەورەکانی زێتر دەچوونە دڵمەوە، هەستم کرد بۆ یەکەم جارە چاوێک و خۆشەویستییەکەی سەرنجم رادەکێشێ و کەمەندکێشم دەکات. نێوانی چاوی من و چاوی ئەو تەنیا شەقامێکی جووت سایدی ئەوبەر و ئەمبەر بوو، هەست دەکەم لە نێو شەقامی هەردوو چاوی ئەودا پیاسە دەکەم، زێتر تێم دەڕوانێ، رێک بەرامبەری دەپەڕمەوە، لە بەرامبەرم چاو داناخا، تەنانەت دەڵێی سێرەی لە چاوی منەوە داگرتووە، تروو‌کانی ساتێکیش هەست پێ ناکەم، دەچمە پێشی، نێوانی برژانگی من و ئەو، بستێک و چەند پەنجەیەکە. چوار پێنج جار هەناسە دەخۆمەوە. بەختەوەری لە دیدەی ئەو دەبینم. دەمەوێ بێمە گۆ، ناتوانم.. هێشتا من راماوم لە چاوی ئەو و ئەویش هەروا، زمانی جووڵەیەکی لێ پەیدابوو، یەکسەر شاگەشگە بووم لە خۆشییان. هەر چاومان لە چاوی یەکتر بڕیوە، بە ئەسپایی فەرمووی: قوربان بە زەحمەتی نەزانی دەمێکە وەستاوم، کەسێ نەبوو بمپەڕێنێتەوە ئەوبەر شەقامەکە، بە یارمەتی خۆت!